ڕێنوێنی بەکارهێنانەوە

ئێمە لە ڕێگای بەکارهێنانەوەی زبڵەوە لە بەراورد لەگەڵ بەرهەمهێنانی کەرستەی نوێ لە نێوان **60** تا **90** لەسەد لە بەکارهێنانی وزەدا پاشەکەوتمان دەبێت.

زبڵەمەترسیدارەکان

زبڵە مەترسیدارەکان دەبێت بدرێن بە یەکێک لە شوێنەکانی کۆکردنەوە کە لە بەنزینخانەکاندا چێکراون یان وێستگەکانی بەکارهێنانەوە.

هەندێ نموونە لە زبڵە مەترسیدارەکان:

- بۆیە، لکێنەر، لاک
- ئافاکۆژکان
- تێکەڵاوکەرەکان / وایت سپیریتەکان
- قوتووی سپەری
- باتیریەکان (هەموو جۆرەکانی)
- نەوتی گۆڕینەی دەبنە هۆی پاشەکەوتی وزە
- نەو ستانیانەی (پەنجەرە) کە دی فیلی پڕلی کلۆرەیان هەیە
- نازبەست
- پاشماوەی ڕۆن

زبڵە مەترسیدارەکان دەبێت لە جیلمەبەندی داخراودا، چاکترە لە جیلمەبەندی سەرەکی ئەوانەدا بدرێن بە دەستەوە.

زبڵەکانی ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنیک

زبڵەکانی ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنیک دەبێت بدرێن بە فرۆشیارانی نەم شتانە یان وێستگەی بەکارهێنانەوە.

هەر شتێک کە پێویستی بە کارەبا یان باتیریە بۆ کارکردن زبڵی ئەلیکتریکی و ئەلیکترۆنیکیە (EE).

هەندێ نموونەی زبڵەکانی ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنیک

- *چرا گۆڕەپیەکان
- ساباتی یاری ئەلیکترۆنیک
- پێڵاوی چرادار
- بیستۆکی تەلەفۆنی لەگەڵ (مۆبایل)
- کەلوپەلی ناوماڵ وەک سەلاجە و سەماوەر

*ئەوانە وەکو زبڵی مەترسیداریش دەکرێ بدرێن بە دەستەوە

زبڵی مەترسیدار بریتییە لە ژەحرەکانی پێوەندیدار بە ژینگە وەک قورقوشم، جیوە و کەدمیوم.

جیلمەبەندی کانزایی و شووشەیی

جیلمەبەندی کانزایی و شووشەیی دەبێت بدرێنە شوێنەکانی بەکارهێنانەوە.

جیلمەبەندی دەبێت بە ئاوی چیاگ بشۆردرێت و دەرکە کانزاییەکان شل بکرێنەوە.

چینی، سەرامیک، کریستاڵ و ئاوێنە بەشێکن لە زبڵە پاشماوەکان. چرا گۆڕەپیەکان و زبڵی ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنیک

نموونەکانی جیلمەبەندی کانزایی و شووشەیی:

- شووشە مربا
- شووشە شەراو
- قوتووی (حەڵەوی) پاتە جەرگ
- قوتووی ئالومینیومی
- تیوبەکانی سوسی مایۆنێز

لە مانیفێستی bir.no دا نەخشەیەک دەبینەوە کە هەموو وێستگەکانی فەرمانگەی نیونەتەوەیی بەکارهێنانەوە تێیدا پیشان دراوە.

جیلمەبەندی پلاستیکی

تەلیسە پلاستیکیەکان دەبێت بخرێنە ناو تەلیسەکانی بەکارهێنانەوەی فەرمانگەی نیونەتەوەیی بەکارهێنانەوە یان بدرێنە وێستگەکانی بەکارهێنانەوەی پلاستیک.

جیلمەکە لە ئاوی چیاگدا (سارد) بشۆرن. دەرکەکان جیا بکەنەوە، ڕەنگە لە کاتی بەدەستەوەدانا شل ببنەوە.

پێویست ناکات لکێنەری لکێنراوەکان بسڕنەوە.

تەلیس و دەفری کاخەز پێکەوە بنێنە دەرەوە.

نموونەکانی جیلمەبەندی پلاستیکی:

- بۆتڵەکانی کێچاپ
- پاکەتەکانی خامە
- بۆتڵە پلاستیکیەکان بۆ بشۆرمکانی جلوبەرگ
- جیلمەبەندیەکانی گۆشتی ساندویچ
- سندوقە پلاستیکیەکانی بەری دار (هەسوو یان میوە)
- تەلیسە پلاستیکیەکان

دەتوانن تەلیسە نوێیەکانی بەکارهێنانەوە لە سوپەرمارکێتەکان و وێستگەکانی بەکارهێنانەوەی فەرمانگەی نیونەتەوەیی بەکارهێنانەوە وەرگرن.

کاخەز، مقەوا و سندوق

کاخەز، مقەوا و سندوقی خواردنەوەییەکان دەبێت بخرێنە دەفری تایبەتی کاخەز.

سندوقی خواردنەوەکان دەبێت بە ئاوی چیاگ بشۆردرێن و بە شێوەی چوارلا بموچێنەوە گڵمۆتە بکرێن.

بەتەنیا کاخەزەوشکەکان بدەنە دەستەوە.

کاخەزەکانی دیاری دەبێت بخرێنە دەفری زبڵی پاشماوە.

هەندێ نموونە لە زبڵی کاخەزی:

- ڕۆژنامەکان
- گۆڤارەکان
- لینووسی تەلەفۆن
- کاخەزی پرینتەر
- پاکەتنامەی بێ دەڵاقە
- سندوقی خواردنەوەکان
- سندوقی پیتزا

بەشداری کردن لە تیرۆپشکی گەرانەوەی کارتۆنەکان بە نووسینی ناو و ژمارە تەلەفۆنەکەتان لەسەر کارتۆنەکان.

زبڵی پاشماوە

زبڵی پاشماوە دەبێت بخرێتە دەفری زبڵ کە دەرکەکەی سەوزە یان دەفری تایبەتی زبڵی پاشماوەی پێشەسازی.

زبڵی مەترسیدار و زبڵی ئەلیکتریک و ئەلیکترۆنیک نابێت وەکو زبڵی پاشماوە بهاوێژرێن.

زبڵە بارستادارەکان بە جێی خستنە ناو دەفری زبڵ دەبێت بدەن بە وێستگەکانی بەکارهێنانەوە.

نموونەکانی زبڵی پاشماوە:

- کاخەز و پلاستیکی پیس
- کاخەزی دیاری
- جلوبەرگ و پێڵاو
- پەرداخ و پیالەی شکاو
- جام و ئاوێنەکان
- پاشماوەی چێشت، ئەگەر وەکو کووت بەکاریان ناهێنن
- ئەو شتانەی کە لە کەرستە (مەوادی) جۆراوجۆر پێکهاتوون
- خۆڵەمێش

خۆڵەمێشەکان (بووڵ) دەبێت تەر بکرێن و لە تەلیسی پلاستیکیدا گۆ بکرێنەوە.